


## "کە لانکەکان دەبن بە تابووت"

هەر کەسێك کە لە دایك دەبێت، لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایەدا بێت، سەر بە هەر چین و توێژێك بێت، لە یەکەم رۆژەوە دەکەوێتە ناو بۆکسێك/ سندووقێك کە خوازە و مێتافۆرێکە بۆ ئەو ژینگەیەی مرۆڤ تێیدا پەروەردە دەبێت، هەر لە منداڵییەوە تا دوا ساتەوەختی تەمەنی. لە ناو ئەو بۆکسەدا کە ئەگەر پۆڵایین بێت یان تەختەبەند، سەرەتا پێ بە پێ مرۆڤ

هەوڵدەدات خۆی لە ناو یان لەگەڵ ئەو سندووقەدا بگونجێنێت، یان ئەوانیدیکە کە دەکرێت دایك و باوک و ژنان و پیاوانی بنەماڵە بن، بە زۆردارەکی هەموو ئەو بیر و باوەڕ و بۆچوونانەی کە خۆیان بڕوایان پێیەتی دەنێو رۆح و مێشکی منداڵەکاندا دەیانچێنن، یان کە فەراقە و هەراشتر دەبێت و دەچێتە قوتابخانە، یان ببێت بە میوانی بەردەوامی مزگەوت: مامۆستا و مەلا پێکەوە بەم چەشنە گۆشی دەکەن کە خۆیان پێیان جوان و پاك و راستە کە مەرج نییە ڕەوا و جوان و ڕەوشتمەندانە بێت، منداڵەکەش، چ کچ بێت و چ کوڕ، هەر ئەوەندە توانا ئاشکرا و شاراوەکانی عەقڵی بڕ دەکات.

هەموو هەڵگەڕانەوە و نەخێر و ملنەدانێکی خۆرسکییە، کەم و زۆری هەموو ئەو شتانەی لە تەمەنی ساواییدا نیگەرانی دەکەن وەك پێویستییە بایۆلۆژییەکان، بۆ گوزارشتکردن لە نارەزایەتی یان داوا و خواستەکانی خۆی، پەنا دەباتە بەر هاوار و گریان و وڕکگرتن و مۆنبوون لەتەك دەیەها لەو نیشانانەی کە دەبن بە بەڵگەی رەتکردنەوە و قایلنەبوون بەو دۆخەی تێیکەوتووە، دیارە لێرەدا زۆر خۆرسکانە و منداڵانە دەردەکەوێت، لە چاوی مندا هەمیشە قوومات لەسەر وەختی مەلۆتکەییدا لە تەك لانك و بێشکەدا یەکەمین شوێنە بۆ بەستنەوەی منداڵ کە زێدە کوشندەیە و بێبەشی دەکات لەو جووڵە خۆرسك و ئازادانەی کە لەش پێویستی پێیەتی، لە تەك شەتەکدانی بە دەسترازەش کە دەبنە کەرەستەیەك بۆ پەلبەستکردنی وەك کۆت و بەند، هەر هەمووشی ئامرازێکن بۆ سنووردارکردنی جووڵەکان، دیارە بە بیانووی خەوتنی خۆش و بە دووربوون لە خۆ ئازاردان و ترسی کەوتنە خوارەوە بووە. رەنگە لە هەنووکەدا وەك یەکەمین بەربەست و کۆت و پێوەند و زیندان تەماشای بکەم، کە لە باری واقیعیدا لە جوگرافیاکانی دیکە کەمتر بەر چاوم کەوتوون، هەندێك جاریش بوونەتە

مایەی جۆرێك لە شێوانی جەستە، کە بە دەم گریان و ژان و ئازاری نادیاری لەشیانەوە، هاوشانی گریان و زریکە و یان خۆشی و خەنین جووڵەی لەش تەواوکەری ئەو گوزارشتە سەرەتایی و سادەیە بووە، هەتا گەر لە باری واقیعییەوە ئەم رازەم راستیش نەبێت، زۆر جاران دەمارگیری خەڵکی خۆمان بۆ ئەو قۆناغەی کوشتنی جووڵەکانی هەر چوار پەلمان دەگێرمەوە!

دوا جار هەر نارەزایی و رەتکردنەوەیەك کە مەرجە گەورەکان هۆشمەند بن و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن، لە شێواز و تێکنیکی ئەو گوزارشتە دەگۆڕێت، رەنگە باڵاترین جۆری لەم سەردەمەدا لەسەر ئاستی تاکە کەس نووسین و قسەکردن بێت لە تەك هەموو ئاماژە جەستەیی و رەمزییەکانی دیکە، تا چەندە منداڵەکە گەورەتر بێت، خودی فەزای گشتی و ژینگە و کولتووری باوی ئەو سات و سەردەمە سندووقەکەی پڕ دەکات لە هەموو ئەو بیر و باوەڕ و خوو و رەوشت و ئایدیا و بەهایانەی کە بە راست و دروست و پیرۆز تەماشا دەکرێن لە نێو خەڵکانی ئەو جوگرافیا دیاریکراوەدا، دیارە کەسانێك هەن تاوەکو ماون هەر لەناو ئەو سندوق و بۆکسانەدا دەمێننەوە و نایەنە دەرەوە، هەڵگری هەمان مۆڕاڵ و نۆرمی کۆمەڵایەتی دەبن کە کۆی ئەندامەکانی کۆمەڵگا لەسەری پەروەردە بوون، هەتا گەر زۆر نابەجێ و داڕزیوو پاشکەوتووانەش بن، هەتا گەر ببێتە مایەی ماڵوێرانی ومەرگەساتی زۆر گەورە، بە ملیۆنەها مرۆڤ لە دایك دەبن و دەژین و دەمرن بێئەوەی یەك گومانیان هەبێت سەبارەت بە هیچ کام لەو جومگە و بڕگانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابووری و مەزهەبزەدەیی ومۆڕاڵی ئێمە دەنەخشێنێت!

+ سەرچاوە: کارگەکانی تابووت / مرۆڤ ئەو گیاندارەی کە نازانێت بژی/ شێرزا حەسەن.